# سۆژینی تاکی هاوچەرخی کورد

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (سژین)

**کافیه سەباح**





١٠ی نیسان ٢٠٢٢ خوێندنەوە

"ڕۆمانێک بەشە نەناسراوەکانی بوون کەشف نەکات، نامۆراڵ و بێکردەیە.

کەشفکردن تاکە ئاکار و کردەی ڕۆمانە."

میلان کۆندێرا[1]

---

[1] Milan Kundera, L’Art du roman, dans Œuvres, Paris, Gallimard, Bibliothèque de la Pléiade, 2011, tome II, p. 641

"سـژین" ڕۆمانێکی ئەنوەر عەباسـی (هەرەس)ە و لە دووتوێی (٢٥٢) لاپەڕەدا، لە ساڵی ٢٠١٨ لەلایەن چاپەمەنیی کتێبی ئەرزانەوە لە وڵاتی سوێد چاپ و بڵاو کراوەتەوە. هەر ئەو کاتە یاداشـتێکی کورتم لە دنیای مەجازیدا لە بارەیەوە نووسـی و ئاماژەم بەوەش دابوو کە لە داهاتوودا کەمێ بە تێروتەسـەلتر خوێندنەوەی بۆ دەکەم، بۆیە ئێسـتا بە بۆنەی چاپکردنەوە و بڵاوکردنەوەی لەلایەن کتێبخـانەی (مەم و زین)ەوە لە هەولێر (٢٠٢١) ئەم خوێندنەوەیەم بۆ کردووە و لە کۆتاییشدا یاداشتەکەی پێشووتریش دانراوە.

ئەم ڕۆمانە، بە میتۆدی شـەپۆلی هۆش نووسـراوە کە نووسـەرەکەی (مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ، وەسف، خۆدواندن، وەسفی هۆش، گەڕانەوەی ئازاد، مۆنتاژی سینەمایی، کەرەستەی میکـانیکی، گەڕانەوەی هونەری و خەیـاڵ (وێنـاکردن)، مۆنتـاژی کـاتی، مۆنتاژی شـوێنی، ئامرازەکانی چاپکردن، گۆشـەنیگای حیکایەتخوانی هەمووشتزان) وەکوو تەکنیکی بنیاتی گێڕانەوەکەی هەڵبژاردووە.

نووسەری "سژین"یش ئەو تەکنیکە ئاماژەپێدراوانەی سەرەوەی بەکار هێنـاون لە پێنـاوی کەشـفکردنی بوونی کورددا، ئەویش لە ڕێگەی خوێندنەوەکانیەوە بۆ بیری نەتەوەییی کورد، کە وەک جەمال نەبەز دەڵێت "بیرێکە جیاوازە لە مەسـەلەی قەومییەت لای شـەرقییەکان و ناسـیۆنالیزم لای ڕۆژئاواییەکان". نووسـەر بۆ پیاهەڵچوونەوە بەم بابەتەدا کۆمەڵێک کەرەستەی بەکار هێناوە.

ڕۆمانەکە لە ٤٥ پاژ (سـێکشـن) پێک هاتووە. لە هەندێ بەشـی گێڕانەوەکـانـدا، کە حیکـاتخوان(گێڕەرەوە) خودی کـارەکتەرەکـانی نـاو

ڕۆمانەکەیە و بە جێناوی کەسی ئاخێوەری( من/م) مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی بەکار هێناوە. لە بارێکی تریشـــدا کارەکتەرەکانی ڕۆمان خۆی پرۆســـە زەینییەکـانی پێشـــکەش نـاکـات و نـایـانخـاتە بەردەم خوێنەر، بەڵکوو نووســـەر/ڕۆماننووس/حیکایەتخوان خۆی ئەرکی ئەو پێناســـاندنە ئەنجام دەدات. ئەمەش لە ڕێگەی خۆتێهەڵقورتان لە شـیکردنەوەی زەینی کارەکتەر و خوێنەردا ئەنجام دەدرێت.

ڕۆمانەکە بەگشـتی دوو پلۆتی هەیە. لە دەسـتپێکدا نووسـەر خۆی بە ئاشکرا مەبەستی خۆی بۆ نووسینی ڕۆمانەکە ئاشکرا دەکات کە بریتییە لە نووســـینەوە و تەنگ پێهەڵچینەوەی خۆی بۆ مەســـەلەی چێژ. "بە نێو بیرەوەرییەکاندا دەگەڕێم و وەکوو لاپەڕەی ئاڵبۆمی وێنەکان، لاپەڕە لاپەڕە ئەڕۆمە پێشـــەوە. لە ســـەر هێندەک لە خەونەکان ڕادەمێنم و بزەیەک دێتە سەر لێو و چاوم بە یادگارییەکان شێدار ئەبێ."(ل٣)[2]

زۆربەی بەشـەکانی ڕۆمانەکە کە پەیوەستن بە باسکردنی چێژەوە، لە خەیاڵدان و خەوبینین و سەنگ کردن (مۆتەکە) و داڵغەکانی خودی نووسەر و کەسایەتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەو مانایە کەمتر لە واقیعدا ڕوو دەدەن. وەکوو خەوبینینی نازلی کە پیاوێک لە خەونیدا دێتەگژی و سێکسی لەگەڵدا دەکات، یاخود سێکسی هیوا لەگەڵ دایکی سارا کە هەر لە بۆرژانی هیواوە ڕوو دەدات و بەر لەوەش ساندرۆمی هیوا بۆ دایکی سـارا گشـتی لەناو داڵغەکانی هیواوە بە خوێنەر دەگەن. ئەمە ســـەرەڕای شـــیکردنەوەی گروپەکەی هیوا بۆ تابلۆکە کە لە شـــیتەڵکردنەوەکانی ســـکێچی تابلۆکە

[2] ل ئاماژەن بە لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە و لە چاپی یەکەم ٢٠١٨ چاپەمەنی ئەرزان، سوید، بەبێ دەستکاریکردنی ڕێنووس و بژوەی دەقەکە.

چەنـدین بیرۆکەی ئیرۆتیکی لەخۆ دەگرێـت، بەڵام بە پەردەی ڕەنگەکـان داپۆشـراون و لە دیالۆگی کەسـایەتییەکاندا پەردەیان لە ڕوودا هەڵدەماڵرێ. "لە باسـی برایمیشـدا، بۆ من کێشـەی برایم لە ڕاسـتیدا ئەوە نییە کە بۆچی یاســـاشـــکێنی ناکات یان بۆچی بەخێرایی ماشـــین لێناخوڕێت و لە ســـزا ئەترســـێت. مەبەســـتی من زیاتر ڕەنگە ئەو (نەمان)ە بێت. نەمانی ڕۆحی بەرەنگاری و کاردانەوە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. بەدڵنیاییەوە بە بەراورد لەگەڵ ئاوات، برایم لە قۆناغێکی قووڵتردایە. بەو واتایە کە، ئەمە بایەخە مرۆڤییەکان (بە دروشـــم یان بە کردەوە) نین کە کردارەکانی ئەو دیاری دەکەن، بەڵکوو ئەمە ئەو خۆ بە کەم زانی و ترسی لە پێشچاوبوونەیە کە هەموو ژیانی ئەو ماشـــینیزە کردووە و تەنانەت توانای جارجار خۆ بە غەریزە سپاردن و توڕەبوونیشی لێ سەندووە و هەوڵ نادات کە جێگۆڕکێ بە ئازارەکانیشی بکات، ئەی چێژ؟"(ل٣٤، ٣٥)

لە لاپەڕەی یەکەمدا نووســـەر بە کامێرا خســـتنەســـەر ســـۆفی، خۆی پێناس دەکات. "ئەڕۆمە خوارەوە هەتا سـیگارێک بکێشـم، (سـۆفی) لە پشـت پێشـخانەکە دانیشـتووە. لایەکی ڕوومەتم قورس ئەبێ و ئەمە یانی خەریکە ســـەیرم ئەکات. ســـڵاوی لێ ناکەم و ئەڕۆمە دەرەوە. ئەمرۆ بڕیارم دا کە وەکوو جاران لەگەڵی ڕووخۆش نەبم. هەر وا لاپەڕە هەڵدەدەمەوە، کە بە دەنگی هەڵکردنی چەرخەکەم دائەچڵەکێم. هەر کەســـێک بە شـــتێک چێژ لە ســـیگار وەرئەگرێ [...] ســـیگارکێشـــان [...] ئەم خۆشـــترین و بێماناترین داهێنانەی مێژوو. ئاە بە داخەوەم کە ئەبێ ئەمە وەبیر تۆم بخاتەوە..."(ل ٣، ٤) لە (لاپەڕە ١١٠)شـدا بە ناونیشـانی **تێرامانێک:** دیسـانەوە نووسـەر باسـی خۆی دەکاتەوە کە جار جارە دادەنیشـێت و چەند لاپەڕەیەک دۆن کیشـۆت

دەخوێنێتەوە. باسی ئەوە دەکات کە حەز دەکات بزانێت سۆفی و کامیل بە کوێ گەیشتوون؟ لە ڕێگەی ئەو دوو کەسەوە کە ئاشناییان لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە ئەزانین کە نووسەر لە وڵاتی سوید دەژی. نووسەر لە ڕێگەی کامیلەوە کە خەڵکی گوندێکی کوردستانە، واتە سەر بە جیهانی سێیەمە هەروەها سۆفی کە خەڵکی گوندێکی سویدە و سەر بە جیهانی یەکەمە. ڕای خۆی لەبارەی سێکسەوە دەردەبڕێت و پێی وایە "زمانێکی هاوبەش"ی نێوان مرۆڤەکانە. بە جۆرێک تیشک دەخاتە سەر ئەم لایەنە کە سەرەڕای نەبوونی زمانێک بۆ ئاخاوتن و لێکتێگەیشتنی نێوانیان، بەڵام سۆفی و کامیل دۆستی یەکترن. "ئەو کامیلەی من بیناسم، لە کونی دیواریش خۆش نابێ [...] بە ڕاستی کە سێکس گرنگترین هونەرێکە کە زمان ناتوانێ سنووری بۆ دابنێت. سێکس زمانی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکان و ڕەنگە بڵێین نێوان هەموو گیانلەبەرانە. بۆیە هەمیشە ئەڵێم کە سێکس و موسیقا لە یەک ئەچن، بەو جیاوازییەی کە یەکێکیان هونەرێکی گرینگترە."(ل١١٠، ١١١) لێرەدا لە ڕێگەی دابارینەوە ئاماژەی نووسەرمان وەکوو هەر تاکێکی تری ڕۆژهەڵاتی بۆ چێژ وەرگرتن لە دەستێوەردان (تەداخول) بۆ بە دیار دەکەوێت. لە کۆتا پاژی ڕۆمانەکەشدا، نووسەر جارێکی تر بە بەکارهێنانی جێناوی کەسیی یەکەمی ئاخێوەر باسی نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات. "جارێکیان بە سۆفیم وت خەریکم ڕۆمانێک دەنووسم و ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت، لە ڕۆمانەکەدا وەکوو کەسایەتییەکی نێگەتیڤ باست دەکەم، وتم دەتکەم بە دراکولا. وەک بڵێی هەر لەگەڵ ئەویشم نەبووە، چاوە بووکەڵەییەکانی سێ چوار جار ترووکاند و وەکوو کونەبوو سەری کەمێک لار کردەوە و هەر واکە چاوی بڕیبووە چاومەوە، وتی بەم کارەت تەنیا تەمەنم درێژتر دەکەیتەوە." (ل٢٤٩).

دواجار نووســـــەر زیاتر پێداگری دەکات کە ڕووداوەکان لە چاوی ئەوەوە دەبینرێن بۆیە ئـامـاژە بەوە دەدات کە لەگەڵ هـاوڕێکەی برایمـدا قسەی کردووە و دەچن سەری لێ دەدەن. "ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێکەی برایمدا قســـەم دەکرد، بڕیارە بڕۆین ســـەرێکی لێ بدەین. لە باشـــووری وڵاتە و بەدڵنیاییەوە ئاووهەواگۆڕینێک خراپ نابێ بۆمان. لە ئێســـتاوە بیر لەوە دەکەمەوە کە چۆن بتوانم لەگەڵ ئەو کابرا هەڵ بکەم. کەســـایەتییەکانی نێو چیرۆکەکان، تەنیا بۆ نێو چیرۆک باشـــن. لە نێو چیرۆکدا قســـەیان لەگەڵ دێت، بەڵام لە دەرەوە کەمێک جیاوازە. ئەزانم ئەویش وەکو ســـوێدییەکان دوای ســـڵاو ئەڵێ: من دانیالم. ئینجا باســـی زیرەکی خۆی ئەکات کە چۆن نـاوی خۆی لە (عەبـدوڵا)وە گۆڕیوە بۆ دانیـال کە هەم کوردی بێت، هەم فارسی بێت و هەمیش ڕۆژئاوایی بێت کە ئەحیانەن لە هیچ شتێکدا زەرەری نەکردبێت و هیچ دەرفەتێکی لەدەســـت نەدابێت." (ل ٢٥٠) ناولێنان و چێژ وەرگرتن لە لێکدانەوەی ماناکانی ناوەکاندا بەشـــێکی فراوانی تێکســـتی ڕۆمـانەکەی لە خۆ گرتووە. نـاولێنـانەکـان بۆ کەس، حـاڵەت، دیـاردە،... دەگەڕێنەوە. هەر لەسەر بەرگەکەیەوە تاکوو کۆتا لاپەڕەی ڕۆمانەکە شیمانە بۆ حاڵەت و بیرکردنەوە و زمانی کوردانە ئەکات. "ســـۆژین! ســـۆژین؟ ئاە بەڵێ، بەدڵنیاییەوە دەبوو هەر وایشی لێ بێت. زمان زمان زمان... کە هەموو شـتێکە و هیچ شـتیش. باشــە بە هەرحاڵ ناوێکە ئیتر، سـۆژین... هەمیشــە هەموو شـتێک وا ناچێتە پێش کە دەبێ، یان باشـترە بڵێم وا ناچێتە پێش کە دەمانەوێ، هەمیشە کۆمەڵێک لادان لە بنەما هەیە، کۆمەڵێک هەڵبژاردنی ورد و بەڕوواڵەت بێبایەخ، بەڵام تەنیا بە ڕوواڵەت..." (٢٥١، ٢٥٢)

نووســـەر ســێ بیروەری ناوەخت دێنێتە ناو ڕۆمانەکەیەوە. دواتریش ئەنجامێک بۆ بیروەرییە ناوەختەکانی دەنووســـێت. لە یەکەم بیروەریی ناوەختیدا، کەسی ژمارە ٥٣ ناو دەنێت (ک) ئەمەش دەمانخاتەوە بیری کافی کافکایی (یۆزێف کا لە ڕۆمانی دادگایی و کا لە ڕۆمانی کۆشـــک)دا کە ئورهان پاموکیش لە ڕۆمانی بەفردا هەمان ناوی لە قارەمانی ڕۆمانەکەی ناوە. "١٠ ســالّی ڕێک. ئەمڕۆ ڕێک ١٠ ســاڵ بە ســەر یەکەم ڕۆژی دیتنی (ک)دا تێپەڕیوە. لە دەرەوە بووم لە نێو ســـەرما و بەفری باکوری زەوی. شەو درەنگە و سۆفی هەتا ئێستا هەزار جار خەوتووە. هەڵبەت باسی ئەوە ناکەم بۆچی دڵم لێی ئێشاوە و ڕووی خۆشی پیشان نادەم، [...] سەیری دەستم دەکەم، ئەو جێگایەی کە ئەوکات دەمویست خاڵێکی لە سەر بکوتم. ڕەنگە پیتی (ک) یان ژمارەی (٥٣). ئەگەر بمکوتایە، بە دڵنیاییەوە زۆری لەســـەر ڕۆیشـــتبووم. بیرەوەرییەکی بێهوودە و... بەڵێ، ڕەنگە بێمانایش. ســـژینێک کە نە ژان دەکات و نە دەشـــخورێ. باشـــم وت: بێهوودە... بێمانا."(ل٧٠، ٧١). (ک) بە دابارین (تداعی) لەو پیتەی نووســـەر بەکاری هێناوە دەکرێ ســـیمبولی کوردســـتان، کورد، کوردەکە، کوردی... کامیل بوونی نەتەوەیەک بێت بە ڕێککەوتن یان بە مەبەســـتی هونەری گێڕانەوە لەگەڵ باس کردنی ســـۆفی کە دۆســـتی کامیل بووە. ناولێنان گرینگییەکی زۆری هەیە لای نووسەر بە جۆرێ خۆی شیمانەی دەکات و خۆی بێبەری دەکات، خۆی قسەکانی خۆی پشت ڕاست دەکاتەوە، هەڵبەتە هاوپێچ لەگەڵ زەمینە خۆشـــکردن بۆ قســـەکردن بە دەم کەســـــایەتییەکـانی نـاو چیرۆکەکانییەوە. "هەڵمەت لەنێو ناسنامەدا ناوی (محەمەد) بوو، باپیرەی کە پیاوێکی دیندار بوو، ئەم ناوەی بە گوێیدا دابوو [...] لە پانزە ســـاڵانەوە بڕوای بەوە هێنا کە ئێران باشترین وڵاتە و ئارياییبوون شانازییە و عەرەب

پەست و بێقیمەتن، بە هاوڕێکانی وتبوو: لەمە بەدوا پێم بڵێن داریوش. دوای یەک دوو ســـــاڵ کە بە هۆی خزمێکیانەوە ســــەری کردە کتێب خوێندن و لەگەڵ ســۆســیالیزم ئاشــنا بوو و هێندەک چاوی کراوە، بە نێو کەســانی دیاری سۆسیالیستی ئێرانی و کورد و جیهاندا گەڕا کە ناوی یەکێکیان بۆ خۆی هەڵبژێرێــت، ..." (ل١١، ١٢). کەواتە لە ڕێگەی نــاوگۆڕینەکــانی (هەڵمەت)ەوە کێشــــەی ناو زەق دەکاتەوە. تەنانەت ناوی "کاک فواد"یش (مەبەست لە شەهید فوئادی مستەفا سوڵتانییە) بۆ خۆی هەڵنابژێرێت گوایە بە هۆی دەمارگیری بۆ دژە عەرەب نایەوێت ناوی عەرەبی هەبێت. یاخود ڕەخنە لە ئەفزەڵیەتی ئەو هەســــتە پانئیرانیســــتەی دەگرێ کە پێی وایە کە ئێران ســـــەرچاوەی هەموو نەتەوەکانی ترە. بۆیە دوای هەڵبژاردنی ناوی داریوش ئەویش دەگۆڕێت بۆ شـــــەهید ئارام، بەڵام دواتر کە دەزانێت ئارام لەناو فارســەکاندا ناوی کچانەیە، هەروەها چونکە ناوێکی ناســک و هێدی و نەرم بووە کە لەگەڵ کەسایەتیی ئەودا نەدەگونجا بەڵکوو پێویستی بە ناوێک بێت کە لە کەســایەتیی ئەو بوەشــێتەوە، بۆیە ئەویش دەگۆڕێت بۆ هەڵمەت، کە ئەمە هەڵبەت هەم ڕەخنەگرتنە لەو هەستە زاڵە ناسیونالیستییەی کە لای تاکی کورد هەیە، هەمیش پشـــتگیری دۆزە ڕەوایەکەیەتی کە هەموو بیرە جیاوازەکانی قبوڵ کردووە و کەچی داننەنراوە بە کیانێکی ســــەربەخۆ بۆ کورد. "ئەمجار ناوی هەڵمەتی بۆ خۆی هەڵبژارد. ســــەرەنجڕاکێش بوو، لە کوردیدا شــۆڕشــگێڕانەیە و فارســـەکانیش وەبیر (هەملێت) ئەخاتەوە. تازە بەدڵنیاییەوە هەموو کەس لێی دەپرســــن کە ناوەکەی بە چ مانایە و ئەویش ئەتوانێ بۆیان شـــی بکاتەوە کە چونکا کورد نەتەوەیەکی شــۆڕشـــگێڕن، ناوەکانیشـــیان ئەو ئێلێمانانەی تێدایە. نمونەی وەکوو ســـەنگەر و نەبەز و دلێر و هێرش و شــۆڕش [...] ئەو هەســـتە لە نێو کورددا زۆر بەهێزترە لە

نەتەوەکانی دەورووپشتی. نەتەوەیەک کە ناسنامەیان لێی دزیوە، هەمیشە لە دەرفەت دەگەڕێ کە گوێیەک بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کە باسی ناسنامەی دزراوی خۆی بۆ بکات و ئەمە لە بەشی ناوشیاری مێشکی تاکی کورددا جێگیر بووە. هاوکێشەکە ئاوای لێدێت: ئەگەر ناوێکی کوردیت هەیە، کەواتە ڕیساڵەتێکت پێ سپێردراوە."(ل١٣) باسکردنی ناولێنان تەنیا لە ناوی کەسایەتیی هەڵمەت، سژین، دانیالدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو لە باسکردنی حاڵەتی خەو و خەیاڵ و تەنانەت چاوانی کەسانی تری غەیرە کورد بۆ تاکە کوردەکان هەمان کار دەکات.

گێڕەرەوەی "**سژین**" خۆی بکەری بینینی ڕووداوەکانە، بەو مانایەی کە هەر تاکێکی تری کورد دەتوانێت شوێنگرەوەی ئەو بێت. چونکە باسی دەردێک دەکات کە هەستەکییە و بە شێوەی خۆبەخۆ و ناخودئاگایانە لەناو یادگەی هەموو تاکێکی کورددا هەیە. هەر کەسە و بەش بە حاڵی خۆی باسی برینی دەردەکەی کردووە. ئەو لە ڕێگەی توێکاری چینی هەرەژێری ئەو برینانەوە کە وەکوو پلۆتی دووەمی ڕۆمانەکە هەژمار دەکرێ، کە لە وەختی سەنگ گرتن و کابووسی کەسایەتیی هیواوە دەست پێ دەکات تا گەیشتووەتە تاران. ئەمەش فەزایەکی کابووسئاسای بۆ گێڕانەوەکان دروست کردووە. بە جۆرێک کە هەندێ جار خوێنەر هەست ناکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە واقیعیەتە یان ڕووداوی ناو کابووسێک. لە باسکردن لە ژیانی هاووڵاتیی کورد کە لەسەر خاکی خۆیەوە بەرەو تاران یاخود هەندەران کۆچ دەکات و بە فەزا و ژیانێکی نوێ ئاشنا دەبێت، ئەم مۆتەکەیە بەسەر هەستی خوێنەریشدا زاڵ دەبێت. ئەڵبەتە لەم ڕۆمانەدا -چونکە خودی ڕۆماننووسەکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەو لایەنە مێژوویی و

کولتوورییانەی لەناو ڕۆمانەکەدا گەنگەشـە کراون پەیوەسـتن بە تارانەوە – ئەگینا هاوشـێوەکانی لە بەغدا، دیمەشـق، ئەنقەرا، ئیسـتەنبوڵ و تەواوی ئەو شـــارانەی کە تاکی کورد پەنایان بۆ بردوون، لەو ســـەفەرانەدا تاکی کورد ڕووبەڕووی شـــۆکی کولتووری دەبێتەوە، بەڵام غروورى ئەم تـاکە ڕێگە نادات بەزەبزوێن بێت. بە ڕوویەکی تر تەنیا چیرۆکی هیوا، هەڵمەت، سـوارە و برایم و هاورێکانی ناو ڕۆمانەکە نین بەڵکوو چیرۆکی نەنووسـراوی تاکی کوردی تاراوگەیە کە لە شـــاخ و گوند و بێســـتانەوە تەراناندراون و هەر کـاروانچین و لەپێنـاو ژیـانێکی ئـارام دەربەدەر بوون. ئەڵبەتە بەشـــێکی لەبەرچاویش لە هەردوو ڕەگەزەکە هێشـــتا بە شـــاخەوەن و لە خەبات بەردەوامن. حیکایەتخوان لەناو ئەم دەقەدا، ڕەخنەی زۆر لە تاران و شـێوە ژیانی خەڵکەکەی و دابونەریتەکەی دەگرێت. تەنانەت وەک شـــوێنێکی بێ ئەسڵ و فەسڵ باسی دەکات. شـوێنێک کە ئەوەی تێیدا دەژی خەڵکی ئەوێ نییە، بەڵام شـــێوەی ژیانی تارانییانە وای کردووە کە لەوێ هەموو کەس خۆی لێ بگۆڕێت و خۆی لێی ببێ بە تارانی. شـارێک کە شـوناسـی هەموو شـوێنەکانی تر هەڵدەلوشـێ و شـتێکت پێ دەبەخشـێت کە هی تۆ نییە. ئەم شـێوە کارکردنەی نووســەر لە تاران، ژیانی ناو میترۆپۆڵەکانمان دێنێتەوە بیر بە هەموو جوانی و ناشـیرینییەکانییەوە. کە ڕەنگە یەکێک لەو کەسـانەی جوانترین دەربڕینی بۆ ئەم هەســـتە کردبێت ئەحمەد کـایـا بێت. کـایـا، لە بەرامبەر ئەم هەسـتە و کۆچی ناچارییانەی کورداندا بۆ ئیسـتەنبوڵ ڕوو بە حەیدەر ناوێکی کورد دەڵێت:

لەوێ بەو شاخانەوە کەو بووین

لێرە لە زبڵداندا بووینە قەلەڕەش

ئەم شارە ملی شکۆمانی شکاند

خستمانی، نزمتر لە زەوی نوقمی کردین

پێم نەگوتی حەیدەر، نەمگوت؟

ئەستەنبوڵ هەڵمان دەلوشێ

پێم نەگوتی حەیدەر، دە بڵێ پێتم نەگوت؟

ئەم شەوە بێشەرەفانە، مرۆڤ دەفرۆشن

لەوێ ڕێبواری ڕێگای هیوا بووین

لێرە بە دەست قەحپەوە مەزەین

لەوێ پێڕانەگەیشتین عەشق چییە

لێرە بەدەست ژنی سۆزانییەوە بووینە قەشمەڕ[3]

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا بە زۆری مۆنۆلۆگ بەسەر دایەلۆگدا پەسەند دەکات، بەڵام لە هەندێ پاراگرافدا بۆ خەڵەتاندنی خوێنەر، دایەلۆگ دەکات بە ماسکێک تاکوو لە پشتیەوە کەسایەتیی خۆی بشارێتەوە. "کەچی لە مۆنۆلۆگدا کارەکتەر وەکوو کەسێکی لێدێ کە سەرخۆش بێت یان لە حاڵەتی بەنجکراویدا بێت، بۆیە لە هەریەک لەم کاتانەدا مرۆڤ گوێ بۆ سانسۆرکردن ناگرێت و بیر و باوەڕە ڕەسەن و ڕاستەقینەکانی دەردەبڕێت".[4] لە لاپەڕە ٣٦دا کاتێک هیوا لەگەڵ شۆفێرێک بە ناوی عەلی

---

[3]شیعری یوسف خەیاڵۆغلو، گۆرانی ئەحمەد کایا، وەرگێڕانی سیا نەریمان بە کەمێک دەستکارییەوە.

[4]شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی، د. دیار فایەق مەجید، بڵاوکراوەی کتێبخانەی خاک. ٢٠٢١، ل٤٤

کونەبوو سـەردەکەوێت بۆ ئەوەی بچێت بۆ ماڵی هەڵمەت، لە سـەرەتادا بە کەسـی سـێیەمی تاک، هیوا و شـۆفێرەکە بە خوێنەر دەناسـێنێت. "هیوا بە شـۆفێرەکەی وت، ئەگەر مسـافری دیکەش لە نێو ڕێگادا تووشـی هات کە ڕێگاکەی بەوانی دەخوارد سـواری بکات، بەڵام ئەو وتی کە ماندووە و زۆر تاقەتی نییە و ئەیهەوێ کەمێک خێرا بڕواتەوە پشوویەک بدات.

پشـوو... هیوا هەسـتی کرد کە چەندین کاتژمێرە بۆ ئەم وشـەیە دەگەڕێت، لە بەرخۆیەوە وتی: ئەرێ پشوو، شوفێرەکە وتی چی؟

- هیچ هیچ لەگەڵ خۆم بووم.

- ئا زۆر باشـە. بە دوکەڵی سـیگار عاجز نابی؟ قەینا سـیگارێک بکشێم؟"

وەکوو دیارە لە سەرەتا حیکاتخوانی هەموو شتزان بە کەسی سێیەم دەسـت پێ دەکات کە لە ڕێگەی دیالۆگەوە، دەچێتە ناو خۆدواندن و دیسانەوە دیالۆگەکە درێژ دەکاتەوە تاکوو زەمینە خۆش بکات باسی برینی کوردانە بکاتەوە، "هەروا بە دەمیدا هات: تا ئێسـتا قەت بووە هیچ دەنگێک نەبیسـتی؟" لە بەردەوامی باسـکردنی ئەو حاڵەتە دەروونییەدا بۆی ڕوون دەکاتەوە مەبەستی چ جۆرە نەبیستنێکە.

"- کوردیت

هیوا خێرا هاتەوە سەرخۆی: ئەم قسانە بۆ کێ دەکەی؟"

بە دابارین لە دەقەکە دەرکەوت هیوا وەکو سـەرخۆشـێک ئاگای لە خۆی نەبێت بەردەنگی کێیە دەپرسێت. دیالۆگەکانیان درێژە دەکێشێ بەوەی کە بە وتەی باوەگەورەی عەلی، ئەویش ڕەچەڵەکی کوردە لە بنەڕەتدا. بەڵام

بە ئاماژەدان لە چەند شـــوێنیکی تری ڕۆمانەکەدا بەو کارەکتەرەی کە شـــوفێرە، دەبێ کورد بێت، چونکە کوردی لوڕ زۆرن لە تاران کە کاری شـــوفێری دەکەن، بەڵام ئەوان لوڕن، بەهۆی ئەوەی کە لە تاراندا گەورە دەبن تەنیا ئەوەندە دەڵێن کە باوەگەورەیان وایان وتووە. ئەوەی لە ناوی عەلی کونەبوو، دیالۆگەکانی تر هاتوون، کە بە عەلی ئەڵێ، ئەبێ ئێوە کورد بن هەروەها عەلی کرێیەکەی لێ وەرناگرێ جارێکی تر ماســـکی ترن تا لە ژێریانەوە باس لە کوردبوون دەکەن. ئەویش بەوەی کە کونەبوو سـەری بە هەر چوار لادا دەســـوڕێنێ، واتە ئاماژەیە بۆ چوار پارچەبوونی کوردان، کورد لە خۆیەوە بەوە ڕاهاتووە هەمیشـــە بۆ چوار لا ســـەری مەبەســـت ناومێشکی کوردە کە چوار پارچەبوونیانە.

هەروەها لە ڕێگەی دایەلۆگی هیواوە لەگەڵ ســارا و نازلی، نووســـەر تیشـکی خســتووەتەســەر بینینی غەیرە کورد بۆ کورد. ئەمە جگە لەوەی لە مۆنۆلۆگی هیوا ســـەبارەت بە ناســـینی خۆی لەگەڵ هەڵمەت کە چۆن لە ســەرەتادا بە ســوارە خۆی پێی ناســاندووەو دواتر دۆســتایەتییەکەیان پتەو دەبێت باسی لە دیاردەی بە گرنگ هەژماردنی مەسەلەی دۆستایەتی لە ناو کورددا دەکات.

نــابێــت ئەوەمــان بیر بچێ بۆ ئەوەی هەنــدێ حوکم و پێوەری کۆمەڵایەتی نەکاتە موڵکی نووســـەر، گێڕەرەوە جار جارە دێت لە پاش گێڕانەوەکەی، لەناو کەوانەیەکدا تێبینییەک دەنووســێت. وەک: لاپەڕە ١٥: (بە هەرمانا)؛ لاپەڕە ٢٩: (دەی وا دەڵێن)؛ یاخود لە لاپەڕە ٨دا لە ســـەرەتا پاراگرافدا نووسراوە: "بە دەردی تارانی دەڵێن، هیوا منداڵی شارستان بوو."

ئەم ڕۆمانە، هاوتەریب لەگەڵ گێڕانەوەی چەند حیکایەتێکی ڕۆژانەدا کە دەکرێ بەسەر هەر مرۆڤێکدا بێت. بە ئاماژەدان و ڕستەی کورت و درێژ و هەندێ جاریش لە پەرەگرافێکدا دیاردەکان هەڵدەسـەنگێنێت. غرووری فارسییانە و تارانییانە لە بەرانبەر تاکی تێشکاوی شارستانی(خەڵکی شارە بچووک و گەورەکانی دیکەی ئێران کە دەچنە تاران) و نافارسـدا بەهۆی گوتاری زاڵی میلیگەراییی ئێرانییانەوە، دەسـەمۆیی مرۆڤی مۆدێرن بە دیار ڕووداو هۆکارە زاڵەکانی ژیانی سـەردەمەوە، تێکشـکاوی و تەسـلیمبوونی کەسی تاراوگەنشین بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نائاشنا بە ڕۆحی کەسەکە لەو لایەنانەن کە نووسـەر ئاوڕیان لێ دەداتەوە. "ئیتر هیوا بڕیاری دابوو ئەو دوو لاقە چڵکنە درێژە هەر سـەیریش نەکات."(ل٦) کە مەبەسـت لە بینا سـپییەکەی مەیدانی ئازادیی تارانە. یاخود ئەگەر بووکی هەزار زاوا لای حافیز هەموو گێتی بووبێت، ئەوا لە چاوی هیواوە هەموو تاران بوو، چونکە "بێدەنگییەکەی نائاسـایی دەسـتی بە سـەراگرتبوو لە بەر چاوەکانی خوا نەیدەتوانی بخەوێ هەرچەندە زۆریشـی خەو دەکات بەڵام شـەرمی لەچاوی تارانییەکانی ئەودیو پەنجەرەکان دەکردەوە". دواتر بە هێنانە ناوەوەی دیدی سویدییەکان بۆ برایم وەکوو سەرڕەشێک گێڕانەوەکەی تەواوتر کردووە کە سـەفەرەکە کۆتـاییەکی ڕۆژئـاوا بێـت و دەردەکەی هیوا و برایم قووڵتر ببنەوە و چاوەکانی لێیان دەڕوانن زیتتر و کپتریان بکاتەوە.

گێڕەرەوەی هەمووشـتزان بە بەکارهێنانی دەسـتەواژەی "چاوەکانی خوا"بە زۆری خەریکی گێڕانەوەی لایەنە دیار و نادیارەکانی کارەکتەرەکانی هیوا، هەڵمەت، ئیلهام، سـارا و نازلییە. بەڵام لە گێڕانەوە و باسـی ئەوانی تردا، لە زمانی کەسـانی ترەوە ڕووداو و شـتەکان دەگێڕێتەوە. یان لە

گێڕانەوەی باسی برایمدا کە سێ ساڵە لە سوێدە شتەکان بە گریمانەیی دەڵێت. هەرچی لەبارەی "ئاوات"ەوەیە تا ڕادەیەک حوکمی لەسەر دەدات و پێمان دەڵێت کە ساویلکەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت لەوە زیاتر نایەوێ ئاوات بە خوێنەرانی بناسێنێت کە هەمان حاڵەت بۆ سۆفی و عەلی و کونەبووش دێتە پێشەوە، یان بە جۆرێک دەیەوێ بڵێت هێندە قووڵ نییە کە خوێنەر بە ئاشکراکردنی و ناسینیەوە سەرقاڵ بکات. هەروەها لە باسکردنی باوک و دایکی سارا و ڕۆزا، هەستی، موجتەبا و کەسانێکی تریشدا هێندە کە زیان لە گێڕانەوەکەی نەدەن لەسەریان دەڕوات. لە دوای تەواو خوێندنەوەی ڕۆمانەکە، خوێنەر کەمترین مەزەندەی بۆ لایەنی فیزیکی هیوا لا دروست نابێ. بەڵکوو ئەوەی لای خوێنەر دروست دەبێ ناسینی ناوەوەی هیوایە چۆن لە سەرەتاوە پڕ بە جۆش خرۆشەوە هەموو هاوینان هەر لە دوای تەواوبوونی خوێندن، لە چواردە ساڵییەوە، سێ مانگ دەهاتە تاران و لەوێ ئیشی دەکرد دواتر دەچێتە ناو سیاسەتەوە، لە کۆتاییی ڕۆمانەکە وازی لە سیاسەت هێناوە و تەنانەت ئامادە نییە یەک هەفتەش لە تاران بمێنێتەوە. سیگارکێشان، مەشروب خواردنەوە و کتێب خوێندنەوە، چوونە کافتریا و پێشانگای هونەری ئەو زیاتر باسی لێوە کرا تاکوو لایەنی فیزیکییەکەی، لە داباریینی لایەنی دەروونی هیواوە کەسێکی حەماسی، نائارام و بێهیوایە هیوا. کە ترسی هەیە لە ئاپارتماندا بژی. ئەوەندەی وەسفی دەوروبەر و شوێن لەم ڕۆمانە گرینگی پێ دراوە ئەوەندە وەسفی کەسایەتییەکان لە ڕووی ڕواڵەتەوە زەق نەکراونەتەوە. وەکوو وەسفی ژوورەکەی هەڵمەت، کۆڵانەکانی تاران، ناوپاسەکان، مەیدانی ئازادی، پارکەکەی هیوا تیایدا خەوی پیائەکەوێت، ڤێلاکەیماڵی سارا... "هاڵێکی بچووک و جەموجۆر و ڕێکوپێک بوو. مێزێکی کار کە لە تازە ئەچوو و

کورسییەکی گەورەی تەگەرداری چەرمی لە پشت بوو و دو مۆبلی قاوەیی چەرمیش کە ئەگەرچی کەمێک کۆنە دیار بوون، بەڵام هێشتا بایی ئەوەندەیان تێدا بوو کە پێیان بڵێی نەرم و خۆش، لە پێش مێزەکە دانرا بوون کە مێزێکی بچووکیش لە نێوەڕاستیاندا بوو [...] موکێتێکی ئەستووری بەنەوشەیی سادە لە عەرز ڕاخرابوو، کە سووچاوسووچ لە دیوارەکاندا توند ببوو. بە یەک چاولێکردن دەکرا بزانی تەنیا شتێک کە لەمماڵەدا گرینگی پێ نەدراوە، تەبابوونی ڕەنگەکانە بەیەکەوە، قاوەیی و سپی و بەنەوش و چەندین ڕەنگی ناتەبای دیکە. هەڵبەت ئەمە زیاتر لەوەی کە لەبەر تایبەتمەندییە کەسییەکانی هەڵمەت بێت، لەبەر ئەوە بوو کە لە هەرزانبازارەکاندا هەر ئەوانەی دەست کەوتبوو و کڕیبووی." (ل١٣، ١٤) وەسفکردنی ژوورەکەی هەڵمەت لاپەڕەیەک لەخۆ دەگرێت بەڵام یەک دێڕیش لە وەسفی فیزیکییەکەی بۆ تەرخان نەکراوە. ڕەنگە نووسەر ویستبێتی بەو وەسفانەی کە لە ڕۆمانی کلاسیکدا بۆ لایەنی فیزیکی کارەکتەر دەکرا، ڕۆمانەکەی خۆی بە گرنگی نەدان بە وەسفی دەرەوەی کەسایەتی لە ڕۆمانی تەقلیدیدا وەردەرهێناوە و ویستوویەتی بڵێ ئیتر بە دەبێت گرنگی بدەین بە لایەنی دەروونی کەسایەتی، دەکرێت ئەو حوکمەی داویەتی بەسەر ڕەنگەکانی ژوورەکەی هەڵمەت ڕاست بێت بەڵام ئەگەریشی هەیە پاکانەیەک بێت بۆ لە دەستەڵات نەبوونی هەموو وەسفێک. ئەوەی لە پارسەنگی ئەوەدا هێناویەتیەوە گرنگی دان بووە بە فرەیی شێوەزار و بن زار و گۆڤەرە دەوڵەمەندەکانی زمانی کورد. ئەو هاتووە زۆر کاری کردووە لەسەر زمان تەنانەت خۆیشی بەڵگەی بۆ ڕاوبۆچوونەکانی خۆی هێناوەتەوە چۆن بە ئاگایی و مەبەستیشەوە ئەو ڕستانەی هۆنیوەتەوە، وەکو

دروســـــتبوونی (ده) به جێگەی (ئه) له کردارەکاندا هەرچەنده وەکوو یەک هەردووکیانی بەکار هێناون.

هەروەک له ســــەرەتاوه ئاماژەم پێی دا، ســــاڵی ٢٠١٨ لەگەڵ چاپ و بڵاوبوونەوەی (سڕین) له ئەوروپا، یاداشتێکی کورتم لەبارەیەوه نووسی که له خوارەوه بۆ درێژەی ئەم خوێندنەوەیه به کەمێ گۆڕانکاری دایدەنێمەوه.

## ڕۆمانێک بۆ بێدەنگییەکی ڕەها

ڕۆمانی ســـڕین له ڕێگەی بیۆگرافیی هیوا و هاوڕێکەی-هەڵمەت-ەوه بۆ نـاو ئۆتۆبیوگرافی ئەوی تر، واته تـاکی پرۆبلۆمـاتیکی کورد پەل دەهاوێژێت. "کورد بدوێنه شــــەرح حاڵی خۆی دەکات"، ئەم ڕۆمانه باس له ناســــنامەی دزراو- بزربووی تاکی کورد دەکات که له نائاگاییباندا جێگیر بووه. به باســــکردن له ژیانی کورد لەســــەر خاکی خۆی و کۆچکردنی بۆ تاران تاکوو هەندەران. لەو ســــەفەرانەدا تاکی کورد ڕووبەڕووی شـــۆکی کولتووری دەبێتەوه، بەڵام غرووری ئەم تاکه ڕێگه نادات بەزەبزوێن بێت. "له ڕاستیدا ئەمەوێت ناوێک بۆ ئەم شەرمکردنەوەی هیوا پەیا بکەم، بەناوی شــــەرمکردن نەبێ، ئەوەی که ناتەوێ له نێو شــــارێکی غەریبدا یان له نێو خەڵکی نەنـاســــراودا بکەویته بەر ســــەرنج. به جۆرێـک هەوڵـدان بۆ هـاوڕەنگبوون... یـان نـا لانی کەم، بۆ نـاهـاوڕەنـگ و زەقنەبوون."(ل ٨) نووســــەر ئەم حـاڵەتەی کورد وەکوو نەخۆشــــییەکی وەهمی له ڕێگەی شیتەڵکردنی ناونیشانی ڕۆمانەکەوه بۆ باسکردنی سەرچاوەی نەخۆشییه

کوردانەکە کە هیچ سنووریّکی نییە و نابینریّت، بەڵکوو خودی نەخۆشییەکە وەکوو برینێکی دەروونی دەبێتە هەوێنی تێماکانی ڕۆمانەکە. سـنووری برینەکە هاوشـێوەی نەخۆشـییەکە و شـوێنی کوردانە منداڵدان ئاسـا و هاوچەشـنی کەیهان بۆشـاییەکە و فەزایەکی بێسـنوور، ئەگەر جوغزیشـی نەبێت هەر هەیە، دەرکەوتەی ئەم برینە لە بێدەنگییەکی ڕەهاوە خۆی ڕاڤە دەکات. هیج ڕەنگیکی نییە و هەموو ڕەنگێکیشـە. ئەو برینە نەبینراوە وەکو کۆلکەزێڕینە، ئەسـتێرەی کلدارە، پڕوشـە، نەبوونی لە دەرکەوتەکانییەوە دەچریکێنێت. نووسـەر لە ڕێگەی خۆجوین(مۆنۆلۆگ)ەکانییەوە پێناسـەی دۆزی نەتەوەی کورد دەکات. ئەگەر چەمکی نەتەوە بە خاکێکی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش، ئەفسانەی هاوبەش، پەیوەست بێت ئەوا بۆ کورد بەندە بە بیرکرنەوەیەکی هـاوبەش و گرنگی سـتراتیژی جوگرافیاکەی. نووسـەر بە ئاوڕدانەوەی بە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا باسـی مێژووە شـێواندراوەکەی کورد لە بێدەنگییەکی نائاسـایی دەکات. "... بەڵام بێدەنگیی موتڵەق لەو شـێوەیەی کە بەسـەر هیوادا هاتووە، تا ئەو جێگایەی کە دەیزانی، تەنیا دەکرا لە بۆشایی ئاسماندا کە مەلەکولەکانی هەوا بوونییان نییە، ڕوو بدات کە ئەویش دیسـان ئەگەر و مەگەری زۆرە. واتە تەنانەت لە ناوشـیاریی مێژوویی مێشـکی بەشـەریشـدا، ئەم ڕووداوە پێشـینەی نەبووە. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لەگەڵ تاریکیی موتڵەقدا ئاشنایەتیی هەبووە، بەڵام بێدەنگیی لەم چەشـنە نا. بۆیە شـانازی بە هیواوە دەکەم کە ئاوا بەبێ خۆدۆڕاندن، خەریکە بۆ خۆی شـرۆڤە دەکات و هەوڵ ئەدات لە دەرەوەی خۆیەوە سەیری بابەتەکە بکات."(ل٢٢، ٢٣)

دووپاتبوونەوەی "خۆ" لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە وەکوو لە سەرەوە ئاماژەی پێ دراوە تاکوو سەر بەرگی دواوەی ڕۆمانەکە ئاماژە بە جۆرەکانی (خۆ) دەکات، تێکشکاندنی یەک یەکڕیتمی کاتەکانی گەڕانەوە لەخۆ دەگرن چونکە خۆکان لەت لەت بوون. "هیچ ئەکتەرێک ناتوانێت لە سەر شانۆ یان بەرامبەر کامێرا خۆی بێت. لەوێدا (خۆ) مانای نییە. لە کاتی ڕۆڵ گێڕاندا، یان ئەبێ بەو شتەی کە حەز ئەکات خەڵک بەوە بیبینن یان ئەبێ بەو شتەی کە خەڵک حەز ئەکەن بیبینن. قەت (خۆ)یەک بوونی نییە. ئەو ئەکتەرەی کە ئەڵێ من لە سەر شانۆ خۆمم، تەنیا تووشی خراپ حاڵیبوونێکی بچووک بووە. لە ڕاستیدا یەکێک لەو خۆمانەی کە چەندین جار ڕۆڵەکەی گێڕاوە بە خۆی قاڵبی دەکات و لەوە بەدوا ئەو خۆمە بە خۆمی ڕاستەقینە دەزانێت. لە کاتێکدا خۆمی ڕاستەقینە تەنیا لە خەونەکانەوە دێتەوە لای. ئەو خەونانەی کە ناویان دەبێت بە (کابووس). چ کابووسێک گەورەتر و سامناکتر لەوەی کە لەگەڵ حەقیقەتی خۆتدا ڕووبەڕوو ببێتەوە؟"(ل ١٥٢، ١٥٣) ئەم خۆیە دەمانباتەوە بۆ چیرۆکی خودا- ئیبراهیم- ئیسماعیل. دەکرێت بڵێین ئەو ڕۆمانە لەسەر بنەمای تثلیث(سێ مانگێک)، لە لاپەڕ ٢٣٩ باسی ڕایەڵی هەر خۆیەک بە خۆیە لێکدابڕکراوەکانی کورد دەکات ئەویش بە دووپاتبوونەوەی سێ و چوار ئاماژەیان پێ دراوە. "چاوە بووکەڵەییەکانی سێ چوار جار ترووکاند وەکوو کونەبوو." (ل ٢٤٩)

تاکی کورد دەتوانێت پشتی سەریشی ببینێ وەکو کوندەپەپوو "سێ چوار مانگ"(ل٢٥١) ، "سێ چوار ڕۆژێک"(ل ٢٤٣)، "سەعات لە چوار لای دابوو"(ل٢١٩) "بەشی سێ ڕستە" ناکات."(ل١٠٨) هەر چەندە چیرۆکەکەی ئیبراهیم لە ئایینە ئاسمانییەکانەوە کەمێک تەفسیری جیاوازی بۆ کراوە،

بەڵام ئەگەر ئەوەی ئایینی ئیسـلام وەربگرین و پەلوپۆکەی لەو ڕۆمانەدا باس بکەین ئەوە هەمان نهێنی باسـنەکراوی نێوان خودا و ئیبراهیم بۆ کێشـەی کورد دەسـت دەدات. بۆ چی ئیبراهیم باسـی ئەو پەیمانە نەنووسـراوەی نێوان خۆی و خوا ناکات کە لە خەودا پێی ڕاسپێردراوە، بۆ لە بەرانبەر داواکارییەکی خوادا دەڵێ: من ئەوەم کە هەم. ئامادە دەبێت کوڕە خۆشـەویسـتەکەی خۆی وەکوو سـزای لێخۆشـبوون بکاتە قوربانی. ئایا دەکرێت کەسێک گوناهی نەکردبێت داوای لێخۆشبوون بکات؟ بۆ دواتر خوا لە داواکارییەکی دەبوورێت و بەرانێکی بۆ دەنێرێت تاکوو بیکاتە قوربانی. ئەو نهێنییە هاوچەشـن- جودا لە نهێنیی مەحکوم بە قوربانیدانی ڕۆڵەی کورد پەیمانێکی نەنووسـراوە و فەرمانپێکراو مەحکومە جێبەجێی بکات. ئەو پەیمانەی کورد بە تۆلێڕانسـەوە و بە بەخشـینی خوێن جێبەجێی دەکات، بەڵام کەی دەبەخشـرێت؟ لە حاڵەتەکەی کورددا باوک، کوڕ دادگایی دەکات و کوڕ، باوک دادگایی دەکات. ئایا ڕەوایەتی بە باوکە یان کوڕ؟ جێگەی سـوژە و ئۆبژە گۆڕاوە؟\یان سـوژە ون بووە. کوڕ بە دوای باوکە ونبووەکەیدا دەگەڕێ، باوکێک جارێک ون بووە و بووەتە نۆستالژی. "یەکەم جارەکان گرینگن... یەکەم جار وەکوو هیچ شـتێک نییە. دووهەم جار و سـێهەم جار نییە. دووهەم جار و سـێهەم دووبارە ئەبنەوە، بەڵام یەکەم جارەکان قەت. لەوانەیە زۆر هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم نۆستالۆژییەکان هەر لەم یەکەم جارانە ساز بوون".(ل ٢٣٩) جارەکان لە یەکەم جارەکانەوە دروست دەبن، یەکەم جارەکان دەبنە نۆسـتالژی بۆ دووەم جارەکان. بوونی هەردووکیان لە سـێیەم جارەکاندایە وەکوو بیرکردنەوە زمانە یان زمان بیرکردنەوەیە کە سـیسـتەمی زمانی کۆمەڵگایەک ناکۆتا دووبارەیان دەکاتەوە. یەکەم محەمەد – ئارام – هەڵمەت ئەمانە هەموویان یەک کەسن،

بەڵام ســـژین یان ســـۆژین چی؟ "حاڵەتێکی تایبەتی برینە کە هاوکات هەم دەخورێ و هەم ژان دەکات. ئەو کاتەی کە ئەگەر چی ئەزانی ژان دەکات و نابێ دەســـتی لێ بدەی هەتا خۆی چاک ئەبێتەوە، بەڵام هەر نینۆکی تێ ئەچەقێنی و ئەیخورێنی... چەند جوانە! ئەڵێی لە ئاســـمانەوە کەوتووەتە خوارەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە پێش و پاشـــی خۆیەوە نییە. ســـاتەوەختی زێڕینی چێژبەخشین. بەدەر لەوەی کە مازۆخسیمی ناخی تاک تا چ ڕادەیەک دەســـەڵاتدار بێت، دەســـت خســـتنە نێو (ســـژین) لەم کاتانەدا، تەنیا کاری چێژبەخشی دونیایە... سژین چ ئەفسونێکی بەردەوامی تێدایە..." ل. ٦٩، ٧٠ و ١٢٦ و ١٩٥). ئەو برینەی نابینرێت تەنیا تاکی کورد هەســـتی پێ دەکات و لە شادەمارەوە تاکوو وردترین موولوولەی خوێنی هەیە، هەستی پێ دەکات و نایەڵێت بە هیچ دەوایەک جگە لەخۆدەواکەی قەتماغە بگرێت، چونکە ئەگەر قەتماغە بکات و چاک ببێتەوە ئیتر ساڕێژبوونەوەیەکی درۆینە، ئەو دەوایەی کورد بە دواوەیەتی هاوشـــێوەی درەختی نەمریە. بۆیە دەبێت زوو زوو بڕوشـــێنرێت تاکوو ژێرەوەی ڕاســـتەقینەی برینەکە دیار بێت دەنا وەکو تابلۆیەکی هونەری تەرجومەی جیا جیای بۆ دەکرێت بە ویســـتی وەرگێڕ. " گریۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بکرابا بە ئامێرێک ئەو نیگارە بڕوشـــێنین و ڕەنگەکانی سەرەوە بتاشین و لای بەرین، ژنە ڕووتەکانی مێشکی نیگارکێش دەرئەکەون."(ل ٥٢) "ئەو برینە بە پیتی یەکەمییەوە " ... ڕەنگە پیتی (ک)..."(ل ٧١) ، " یەکەم ڕۆژی دیتنی (ک)" (ل٧٠) باس دەکرێت بەڵام هەر وەرگێڕانێکی بۆ ناکرێت. دەوای ئەو نەخۆشییە (ستان)ە، (س) سەرەتای سژینساڕێژی برینی ژینە. ســـژین، کوردانەیە و ئەو بزرۆکەیە مەودای دۆزینەوەیەی دەرمانەکەیەتی. دەبێت کورد بیت دەنا نابینرێت. هەرچەندە (ســـۆژین) برینێکی بە سۆیە. "هێشتا تامی سۆسەکە لە بن زمانی .."(ل١٦١) بەڵام کورد

نایخوازێت دەم خونچە بکات و زوو تامی بکات ڕەنگە نەتەوەکانی دراوسێی بخوازن زوو تامی بکەن ئەو تامە بکەن کە زایەقەیان پێی ڕاهاتووە، بەڵام کورد ئەم زووەی ئەوان دوادەخات و لە هاموشـــۆی زوو- درەنگدایە تاکو بنەمــاکەی بــدۆزێتەوە. کوردبوون وەهم- حەقیقەتە، "ئێمەیش ئەبێ ببینە خــاوەن وڵات"(ل٢٤١) ئەو وەهمەی کە بیرکرنەوەی تــاکەکــانی بچووک کردوەتەوە کە مژۆڵی دەوڵەت هاوشــێوەی نیشــتمانەکەیان ژێرمێشــکیانی داگیرکردوون و ناپڕژێنە ســەر هونەر. هیوا، هەڵمەت، ســوارە...کان بە دوای ئــازادییەوەن، هونەری کوردان مــات نییە بەڵکوو دەنگی لێ بەجێمــاوە.